# به پیاوی کورد نەبێت شوو ناکەم

Dr.Chro Chingiani*...................................*

ئەگەر لە نێوان ئاسمان و ڕێسمانا پیاوێکی کورد بۆ من قاتی بێت ، ئەوا شوو نەکردنم چاکترە لەوەی ببم بە هاوسەری پیاوێکی ناکورد ، بێجگە لە پیاوێکی کورد ، هیچ پیاوێکی تر بۆی نی یە و ناتوانێت هاوسەرینم بێت و بۆنی هەناسەم بکات ، دزێوترین و ڕەززا گرانترین پیاوی کوردم قبووڵە ، بەمەرجێك کەسێکی ناسیۆنالیست بێت ، بۆ من ئاست و پلەی خوێندن هەموو کات ڕۆڵ نابینێت ، چەندین پێشمەرگەی قارەمان و تێکۆشەرمان هەن ، لە مەتەرێزی شەرەفدا ، پارێزەری ئابڕوی نەتەوەی کورد بوون و نەیانتوانیوە خوێندن تەواوبکەن ، یان لە بەر نەبوونی زەمینەی لەبار و هەژاری ، دەرفەتی خوێندنیان نەبووە ، کەسێکی ئائەکادیمی ناسیونالیستیم لە کەسانی هەلپەرست و ویژدان مردووی ئەکادیمی ملیۆنان جار پێ باشترە .

ڕەنگە کەسانێك هەبن پێم بڵێن ، تۆ کەسێکی ڕاسیستیت ( ڕەگەز پەرستیت ) ، گرنگ نی یە ، با ئێستا هەموو لە لایەك بن و منیش لە لایەك ، ئەگەر منیش وەك و هەموو نەتەوەکانی تری ئەم سەر زەمینە وڵاتێکی ناسیۆنالم هەبووایە ، ڕەنگە بۆمن ئاسیی بووایە ، شووم بە ناکوردیك بکردایە ، بەڵام بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەیەکی بێ خاوەن و دۆستی وەك کورد ، کە ڕۆژانە بەرەو فەناچوون ئەچێت ، حەڵاڵ نی یە لەگەڵ ناکورد دا ، هاوسەری بکەن ، ڕۆژانە چەندین کورد لە بۆتەی ( ترك ـ فارس ـ عەرەب ) دا ئەتوێنەوە ( بێجگە لە کوردەکانی هەندەران . (

تا ئێستاش چەندین کورد هەن ، بەدزی یەوە ـ بە شەرمەوە ئەڵێن کوردین ، لەو بەشەی کە کاتی خۆی من وانەم تیایدا ئەدا ، لە کۆی ( 125 ) خوێندکار ( 6 ) یان کورد بوون ، کەچی داخم ناچێ ، تەنها کوردێکی سلێمانی سەربەرزانە ووتی من کوردم ، ( 5 ) ە کەی تر ، دوایی بەچرپە و هەریەك بە تەنیا ووتیان ئێمەش کوردین ، ( ووتم داوەشێن ) ، ئەمە کارەساتێکی خەمهەڵگرە.

دووای ڕاپەرینە مەزنەکەی باشووری کوردستان سەرکردەیەکی کورد ( کە بەمیراتی کورسی یەکەی لە باوك و باپیری یەوە بۆ بەجێماوە ) لێیان ڕاسپاردم کە شووی پێبکەم ، منیش لەبەرئەوەی مێژووی ئەوانم باش ئەزانی و هەڵوێستەکانیانم پێقبوڵ نەبوو ، ڕەتم کردەوە ، بەخۆمم ووت : ئەگەر پیاوێك وورەی ئەوەی نەبێت ڕاستەخۆ بە بەرامبەرەکەی بڵێت ، ئەمەوێ بتناسم ، کەی کەڵکی ئەوەی هەیە خێزانی لەگەڵ دروست بکەیت ؟ یان چۆن بێ ناسینی مەعدەنی یەکتری یەکسەر فەوری و سەوری بڕیاری خێزان دروستکردن ئەدەن ؟ سەرم سوڕماوە لەم جۆرە بڕیارانە ، بەتایبەتی ئەوانەی لەهەندەرانەوە ئەگەڕێنەوە لە ماوەیەکی کورتدا ( فڵق ) بڕیاری هاوسەری لەگەڵ کەسێکدا ئەدەن کە ڕەنگە ( 20 ) ساڵێك جیاوازی تەمەنیان هەبێت ، بێ ئەوەی بیر لە قۆناغەکانی دوایی بکاتەوە ، کە چیان بە سەر دێت .

ئەگەر شووکردنەکەی خاتوو بەرواری ڕاست بێت ، ئەوا گەورەترین سوکایەتی بەخۆی کردووە ( وەك ژن ) هەم سوکایەتی بە نەتەوەی کورد کردووە ، چونکە :

1 ) مایەی سەرشۆڕی یە بۆ ژنێکی ئەکادیمی ، کە شوو بە کەسێکی خێڵەکی وەك ( یاوەر ) بکات ، کە دوو ژنی تریشی هەیە .

**2 ) نەسرین بەرواری لە ئەنجامی بەری ڕەنج و شەهیدبوونی هەزاران ڕۆڵەی کورد ( نەك ڕەنجی خۆی ) ، لە سەر ئەو کورسی یە دانیشتووە ، شووکردنی ئەو بە عەرەبێك ، ئەوپەڕی خیانەتە ، چونکە بە درێژایی مێژووی دوژمنانی کورد ، هیچ دوژمنێك وەك عەرەب ، کوردی جینۆساید نەکرووە**

**هاوڕێ ئەڵمانەکانم پێم ئەڵێن : ئەگەر وەزیرەکەتان لەو ئاستەدا بێت ، ئەی ئاخۆ نەخوێنەوارەکانتان چۆن بن ؟**

*.........................................................................................*

DrChro Chingiani / Dr.chro@web.de / Freiburg / Deutschland.

23.Sep.2004